# ئەوان قەومانێکن ئەگەر بەندە وپیاوی چاک لە ناویاندا بمردایە؛ لە سەر قەبرەکەی شوێنی پەرستنیان دروست دەکرد

لە عائیشە (دایکی ئیماندارانەوە) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئوم سەلەمە باسی کڵێسایەکی بە ناوی ماریا کرد بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە حەبەشە، وباسی ئەو وێنانەی کرد کە تیایدا بوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەوان قەومانێکن ئەگەر بەندە وپیاوی چاک لە ناویاندا بمردایە؛ لە سەر قەبرەکەی شوێنی پەرستنیان دروست دەکرد، وئەو وێنانەیان لەو شوێنانەدا دادەنا، ئەوانە خراپترین بوونەوەرن لەلای خوای گەورە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

دایکی ئیمانداران ئوم سەلەمە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەی کرد پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێك لە حەبەشە بوو کڵێسایەکی بینی -کە پێی دەووترا ماریە-، وێنە ونەخش وپەیکەری تێدا بوو ؛ وئەمەی پێ سەیر بوو ! پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆکاری دانانی ئەو وێنانەی ڕوونکردەوە، فەرمووی: ئەوانەی باسیان دەکەیت ئەگەر پیاوچاکێك لەنێویان بمردایە ؛ لەسەر گۆڕەکەی شوێنی پەرستنیان دروست دەکرد، وئەو وێنانەیان تێدا دادەنا، وڕوونیکردەوە بکەری ئەم کارانە ؛ خراپترین خوڵقێنراوە لەلای الله -سبحانه وتعالى-، چونکە کردەوەکەی هۆکارە بۆ -شیرك وهاوبەش بڕیاداران بۆ الله -سبحانه وتعالى.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10887

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee